کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-7-2007 12:19بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو ئەلفوبێی ڕۆژنامەنوسی ... ڕاستی سێوکانی



کۆمپانیای وشە پاش چاوەڕوانییەکی زۆری چەند مانگی ڕۆژنامەی دەرکرد، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژنامەیە دەرنەچونی لە دەرچونەکەی باشتر بوو چونکە؛ خۆی لە هەموو مەسەلەیەکی گرنگ دوور دەگرێ و ئامادە نییە تەنها وشەیەک ڕاستی مەسەلە گرنگەکان بدرکێنێ. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردار عەبدوڵڵای سەرنوسەری ڕۆژنامەکە کە هیچ شتێک لەبارەی ڕۆژنامەگەرییەوە نازانێ و لە بێکەسیدا کاک نەوشیروان کردوویەتی بەسەرنوسەر ئێستاش بە گوێرەی قسەی کەسە نزیکەکانی کۆمپانیای وشە دەیەوێت لایبەرێت، بەڵام پێی عەیبە ڕاستەوخۆ ئیزنی بدات، بۆیە بە ناچاری نوێنەرێکی خۆی ناردۆتە ڕۆژنامەکە تا سەردار لەوە تێبگەیەنێت کە دەیەوێ لایبەرێت، بەڵام سەردار خۆی لێکەڕکردووەو دەیەوێت، بەزۆری زۆرداری هەربمێنێتەوە. هەرچەندە بەردەوام وا خۆی نیشان دەدات کە منەتی بەسەرنوسەری نییە و چەندجارێک لەبەرچاوی کارمەندەکانی وتوویەتی وشە مەمنونم بووە بۆ کارکردن، ئەگەرنا من وازدەهێنم، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە سەردار هەرگیز نایەوێ دەست لەو ڕۆژنامەیە هەڵبگرێت چونکە؛ یەکەم: ڕۆژنامەکە پارەیەکی باشی دەداتێ، سەیارەیەکی مۆدێل 2007 ی بۆ کڕیووە، پارەی بەنزین و کارتی مۆبایلەکانی بەلاشە. دووەم: ژورەکەی کردووە بە دیوەخانی گەرمیانییەکان و تەنها خەریکی ئەوەیە کە قسە بکات و باسی ئەوە بکات کە لە پێشمەرگایەتی چی کردووەو کارگێڕی مەڵبەند بووە چۆن لەخەڵکی داوەو چۆن کڵاوی کردۆتە سەر مەکتەب سیاسیەکان و لە سەرۆکایەتی کۆمار موستەشار بووە و لەوێ مام جەلال پرسی پێکردووە، ئەو قسانەی ئەوەندە کردووە هەموو کارمەندەکانی بێزارکردووە، بەجۆرێک لە ڕۆژنامەکە شەخسیاتی نەماوە کە زۆربەی کارمەندەکان لە بەینی خۆیاندا بە فشەکەر ناوی دەبەن و بۆ پێکەنین قسەکانی بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. سێیەم: لە دوانیوەڕۆ بەدواشەوە ژورەکەی تەرخان کردووە بۆ کچە جوانەکان، بەتایبەتی دوو کچە پارێزەرە ناسکۆڵەکەی ڕۆژنامە کە سەردار لە بەردەمیاندا سەما دەکات و کەسیش نازانێ کاریان چییە؟ بۆیە ئەوەی کاری سەرنوسەری بێت کاکە سەردار ڕایی ناکات، ڕۆژنامەکە ئاشی نەزانەو خوا ئەیگێڕێ، ئەگەر هەوڵی ڕۆژنامەنوسەکانی نەبوونایە، ئەوا لە ژمارەکانی هەفتەی یەکەمەوە ڕادەوەستا. چوارەم: لەو چەند ژمارەیەش کەدەرچووە ڕۆژنامەکەی کردووە بە مەیدانی یەکلایکردنەوەی کێشە شەخسییەکانی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵیان ناکۆک بووە، لەماوەی ئەم چەند ژمارەیەدا کۆنەقینی بە چەندین کەس هەڵڕشتووە. ئەو گەندەڵیەشی کە دەستی داوەتێ لە دامەزراندنی خەڵکی نەزان، بە پارەی باش لەبەرخاتری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک بەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە، کەسانی وایکردووە بە موستەشار و مەسئولی بەش کە پێش دەرچونی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە تەنها پەیامنێری زیاتر هیچیان نەکردووە، کەچی سەردار لەبەرئەوەی مەوقیفی لاوازی بەرامبەر ڕۆژنامەنوسە بەتواناکانی سەرەتای دروسبوونی کۆمپانیاکە بەهێز بکات ئەو کەسە بێتوانایەی لەخۆی کۆکردۆتەوە و چەند ڕۆژنامەنوسێکی بە توانای لەڕۆژنامەکە دوورخستۆتەوە، ئەوانیش بەناچاری لە سایتی سبەی کاردەکەن لە هەمان کۆمپانیا. بۆیە ئەگەر کاروا بڕوات ئەو ڕۆژنامەیە لەچەند مانگی داهاتوودا دەبێ دابخرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.